# چەند دیمەنێک لەکوردستاندا

## دیمەنی سێیەم

## (ئەوەی تۆ پێشنیار نییە، بەڵکو لێپرسینەوەو سزادانە "موحاسەبەیە")

دەرسیم دیبەگەی 29.07.200
Darsim88@hotmail.com

لەیادمە، لەخۆنیشاندانەکانی ساڵی 1982ی زۆربەی هەرە زۆری شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا لەیادی بۆردوومانکردنی شاری قەڵادزێدا لە 24.4.1974دا، خۆنیشاندەران پڕ بەدەم هاواریان دەکرد "هێزی گەل لەبن نایە، شەهید بوون دکتۆرایە".
ئەوێ رۆژی خەڵک هەمووی بەدڵو بەگیانو لەئەنجامی ستەمکاریو زۆرداری ڕژێمی شۆڤینیستی عەرەبی داگیرکەردا، ئامادەبوون بەیەک دەنگو یەک ڕەنگ هەموو جۆرە قوربانییەک بدەن، خوێن ببەخشن، ژیانی خۆیان بەخت بکەنو بەپەرۆشەوە هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو دکتۆرایە بدەن.

بەڵام ئێستاکە دڵنیام لەئەنجامی بێوەفاییو بەدڕەوشتی هەندێک لە بەرپرسو کاربەدەستانی حیزبیو حکومی، نەک تەنیا کەسوکاری شەهیدەکان بەڵکو شەهیدەکان خۆشیان ئەگەر زیندوو ببنەوە، نەک جارێکیتر ئەو دکتۆرایە ڕەتدەکەنەوە، بەڵکو لەترسی ئەو دکتۆرایە ڕاش دەکەن.

لەکوردستاندا لەگەڵ کۆنە هاوڕێیەک کەئێستا بەرپرسێکی گەورەیە، باسی ئەوەمکرد کە یارمەتی شەهیدانە بەگوێرەی پێویست نییەو پێشنیاری ئەوەمکرد کە یارمەتی خێزانو کەسوکاری شەهیدان بەگوێرەی کارەکانی شەهیدەکان بەر لەشەهید بوونیان بێت واتە بەقەد یەکەم مووچەی دکتۆرێک، ئەندازیارێک، مامۆستایێک، فەرمانبەرێک، پۆلیسێک یان کرێکارێکی ئێستا بێت، ئەگەر شەهیدەکە دکتۆر، ئەندازیار، مامۆستا، فەرمانبەر، پۆلیس یان کرێکار بووبێت + زیادەی ساڵانە لەساڵی شەهید بوونیانەوە بۆیان بخرێتە سەر ئەو برە پارەیە، ئەگەرنا بەلای کەمەوە رۆژانەی کرێکارێکی ئێستا 15.000 هەزار دینارە کە مانگانە دەکاتە 450.000 دینار، بکەن بەشەهیدانەی هەر شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاری نیشتیمان.

وادیار بوو ئەو هاوڕێیەم، 450.000 دینار واتە 300 دۆلاری بۆ شەهیدان پێ زۆر زۆر بوو، بۆیە گوتی: جا هەموو بودجەکەی حکومەتی هەرێم دەبێت بۆ شەهیدان بێتو زیندوەکان لەبرسان بمرن).
لەوەڵامدا گوتم: (نەخێر زیندووەکان لەبرسان نامرن، گەر بێتوو ئەو هەموو دۆلارە نەدەن بەو شێخە عەرەبانەی کە هاتن بۆ کوردستان دیموکراتیو کەدەگەنەوە بەغدا تیرۆریستن، لەگەڵ کەمکردنەوەی مەسرەفی هەموو ئەو شەوانەی بەرپرسەکان کەشەوانە دەیانو سەدان هەزار دۆلار لەپارەی حکومەتو حیزب بەخۆڕایی سەرف دەکەنو لەمانگێکدا هەر بەرپرسەو چەند جارێک 300 دۆلار بۆ خواردنەوەو ڕابواردنی شەوانەیان خەرج دەکەن).

ئەو بەرپرسە بەبێزاریو توورەییەوە گوتی: (ئەو قسانەی تۆ پێشنیار نین، بەڵکو لێپرسینەوەو سزادانو تەشقەڵەن، من نازانم ئەو برادەرانەی لەدەرەوەی وڵات دێنەوە ئەو شتە سەیرو سەمەرانە چییە، بەناوی پێشنیار لەگەڵ خۆیان دەیهێننەوە؟ باشە ئەی بۆ ئەو شتانە بەپارتی ناڵێن؟ خۆ شەهیدانەی شەهیدانی ئێمە زۆر لەهی ئەوان زۆرترە! برۆن ئەو پێشنیارانە بە پارتی بگەیەنن، بزانم دەوێرن؟).

گوتم: (هاوڕێ لەژیانمدا رۆژێک لەرۆژان پارتی نەبوویمەو بەڵکو پێشتر کۆمەڵەو یەکێتیی بوویمە، خۆ ئەگەر پارتی بوومایە نە دەهاتمە لای جەنابتو نە ئەو پێشنیارەشم پێ ڕادەگەیاندن، بەڵکو بەوانم ڕادەگەیاند. دوایی ئەگەر مەسەلە بەراوردکردن بێت، ئەوە هەموو پارتە کوردستانیەکان بە یەکێتییشەوە بەقەد بەعسی فاشیو درندە بۆ بەناو شەهیدانی خۆی بەوەفا نەبووە! کوژراوێکی بەعس نییە، ئۆتۆمۆبێل، خانوو، پارەیەکی باشو مووچەیەکی بەرزی وەرنەگرتبێتو ژیانی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی دابین نەکرابێت! دوایی لەکاتێک گلەیی لەئێوە دەکەم کەئێستا پارەی باشتان لەبەردەستدایە، ئەگینا خۆ سەردەمی شاخو بەر لەساڵی 1991 کەم کەس شەهیدانەی وەردەگرتو کەسیش گلەییو پێشنیاری نەبوو!).

چەند شەوێک دواتر برادەرێک لە هەولێر بۆ "ئاڤێستا" بۆ نانخواردنی ئێوارە بانگی کردم. ئەو برادەرە کۆمەڵێک لەهاوڕێیانی هەردووکمانی، کەهەر یەکەو بەرپرسێتی‌یەکی هەبوو لەناو یەکێتیی‌دا، بانگکردبوو. دوای نزیکەی کاتژمێرێک بەسەر دانیشتنەکەماندا، یەکێک لە برادەرەکان پرسیاری ئەوەی لێکردم کە (....) کچێکی دیبەگەیی‌یە، ئایا دەیناسم؟ دوای ئەوەی ناوی باوکو باپیری گوت، گوتم: بەڵێ باوکی دەناسم، بۆ؟ گوتی: کەواتە (.....) کە خزمێکی ئەوان بووەو لەساڵی 1967 یان 1968دا کە پێشمەرگەی (.....) بووە شەهید بووەو تائێستا شەهیدانەیان بۆ دەرنەچووە! ئەوە ماوەیەک لەمەو بەر ئەو کچە داوای لێم کردووە، منیش خەریکم مامەڵەی شەهیدانەی بۆ جێبەجێ دەکەم).

گوتم : هاوڕێ، ئەو خزمەی ئەو کچەیەی کەتۆ باسی دەکەی، لەیادمە کە کەی کوژرا، ئەوە نەپێشمەرگەو نەشەهیدیشە! بەڵکو لەو سالانەی کەباستکرد، ژنو منداڵی هەبوو، کەچی لەگەڵ کچێک پەیوەندی خۆشەویستی هەبوو و ماڵی باوکی کچە پێیان زانیو هەستان (.....) یان کوشت! خۆ من پێم خۆشە کەخزمێکی دیبەگەیی مووچەیەکی هەبێت، بەلام ئەو چیرۆکەی ئەوان باسیان کردووە وانیە، ئەگەر ئەو کارە بخرێتە بەردەم من، ئەوە بەدڵنیایی ڕەتی دەکەمەوەو لێناگەرێم شەهیدانەی بۆ ببڕدرێتەوە. بەلام ئێوە هەولبدەن بەناوی "یارمەتی هەژارانە" هەروەکو ئەو "یارمەتی‌یە سۆسیالەی" کە ولاتانی ئەوروپی دەیدەن بەهەموو کەسێکی بێکار، دەزگایەک دامەزرێنن بۆ یارمەتیدانی کەسانی هەژارو بێدەرامەت).

گوتی: ئێ باشە خۆ ئەوەی ئێمەش کە بۆی دەکەین هەروایە! گوتم: نەخێر وا نییە، ئێوە بەناوی شەهید مووچەیەکی بۆ دەبڕنەوەو لەڕاستیشدا شەهید نییە، ئەوە زولم لەشەهیدانی دەکەن).

هەر لەو قسەو باسەدا بووین، زەنگی تەلەفۆنی ئەو برادەرە لێیدا، ئەویش تەلەفۆنەکەی هەلگرتو دیاربوو کچەکە بوو بۆ پرسیارکردنی *شەهیدانەی ئەو شەهیدەی خزمی* قسەی لەگەڵ ئەو هەڤالە کرد، ئەویش دڵنیای کردەوە کە لەماوەیەکی کورتی داهاتوودا شەهیدانەکەی ئەو خزمەیان دەردەچێتو ئەوە غەمی ئەوە، نەک غەمی کچەکە).
هەر لەو دانیشتنەدا بەو هاوڕێیانەم گوت: ئەوجارە بگەڕێمەوە دەرەوە، هەرچی کەمو کوڕیتان هەیە بەزنجیرە، دەیان نووسم. دیاربوو پێیان ناخۆش بوو و داوایانکرد کە شتی وانەنوسم! بەلام هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە نەیانتوانی بمهێننە سەر ئەو باوەڕەی کە کەمو کورپییەکانیان نەنووسم!!